

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها .

**ژمارە ٣٨ـ ٤ی خەزەڵوەر ٢٧١٨**

**■ چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

فەرهاد سالەحی‌فەر
سەدەف فرووغی
ناسر فەتحی
شەرمین سالحی
بیژەن ڕەحمانی
جێگر بەختیار

**■ بەتامی چیرۆک:**

لاپەرە ١٧ ...

**■ وێنەی ڕووبەرگ:**

Sabrina Rummell

**■ ئامادەکاران:** ئەمیر سیراجەدین، ناسر فەتحی

# چیرۆکە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- چیرۆکی کارگەیی
- بە تامی چیرۆک


• ئامادەکاران:
ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی


٤ی خەزەڵوەر ٢٧١٨


ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## "کەوشەکان "

کەوشە تەق تەقە سوورەکە پاڵی بە پۆتینە شرەکەی تەنیشتیەوە دا و ئاخێکی هەڵکێشا ! من و لینگەکەی هاوڕێم زۆر بەختەوەر بووین کەژاڵ ئێمەی هەمیشە خاوێن ڕادەگرت و جارێک نەبوو تۆز لەسەرمان بنیشێ ، لە ڕیزی سەرەوەی جێ کەوشەکە بریقەمان دەهات ئەو ڕۆژە کە کەژاڵ لاقی وەسەر مین گەڕا و لینگەکەی هاوڕێم لە گەڵ لاقی چەپی پارچە پارچە بوون منیش هەر ئەو ڕۆژە دڵم مرد و ئیتر خۆشیم بە خۆمەوە نەدیت..

کەوشە ڕەنگ قاوەیەکە کە هێشتا قەیتانەکانی وەک خۆیان ڕێک و لە ناو کونەکانی کەوشەکەدا خۆیان قایم کردبوو باویشکێکی هاتێ و بە پەرۆشەوە چاوی لە کەوشە قۆندەرەکەی تەنیشت خۆی کرد کە پاشماوەی بەزمارە وردەکانی هێشتا دیار بوون دەزانی هاوڕێم چارەنووس زۆرجار بەرەو شوێنی وات دەبا کە بە خەیاڵیشتدا نایە ، من ئەو کاتەی کە 'ئیستیفان' لە 'کۆپنهاگ' کڕیمی زۆر دڵخۆش بووم چونکە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە هەستم کرد چوومە پێی کەسێک کە بایەخم پێدەدا و تەنانەت دڵی نەدەهات بەسەر بەردووچکەیەکیشدا من بنات! بەڵام ئەو ڕۆژە خۆشانە زۆری نەخایاند و دوای دوو مانگ خۆم لە حەمباری کلیسەیەکدا دیتەوە لە پاڵ هەزاران کەوشی تر ماوەیەکی زۆر خەونم بە لاقە سپی و سۆڵەکانی 'ئیستفیان' وە دەبینی ، نازانم چەندەی خایاند بەڵام کە چاوم کردەوە منیان هێنابۆ بازاری کەوشی کۆنە ئەویش لەو سەری دنیا ، دنیای من تەنیا ئەو دوو مانگە و چەند شەقام و کۆڵانی ناو کۆپنهاگ بوو لەپڕ خۆم لە لاقی لاوێک دا دیتەوە و دواتر تێگەیشتم بوومە کەوشی کوڕە کاروانچیەک من زوو زمانی لاقەکانی فێر بووم ! حەزی دەکرد قەیتانەکانم لە ملم توند بکات و ئیتر ئەو هێمنیەی شەقامەکانی کۆپنهاگم بیر چۆوە بوومە گوڵی قوڕاوی و فیشەکە شێتە دەزانی چۆنە تەنیا کاتی خۆشیم ئەو کاتە بوو کە دوای هاتنەوەمان خاوەنەکەم لای هاوڕێکانی پۆزی لێدەدا و بە ئاماژە بۆ من دەیگوت " کەوشەکانی من 'ئیکۆن' " من ئەو کات قەدری خۆمم دەزانی و ماندوییم دەڕۆیی ، بەڵام ڕۆژێک ئیتر نە خاوەنەکەم دیتەوە و نەکەسیش هات بمکاتە لاقیەوە من بەبێ ئەوەی بزانم مردبووم و نازانم چۆن هاتوومە ئێرە من دڵنیام بە هەڵە منیان فڕێداوەتە نێو ئێوە چونکە ئێستاش توانای ڕۆیشتنم هەیە و ...

قۆندەرەکەی ڕووبەڕووی کەوشە ئێکۆیەکە بزەیەکی هاتێ هاوکات کە دەیویست دەمە هەڵپچڕاوەکەی بشارێتەوە و خۆی وێکنابوو پاشماوەی کونی بزمارەکان دیار نەبن بە ئەدایەکی تایبەت گوتی ؛ من کەوشی زاوایەتی بووم ڕۆژی

یەکەم حیسابم بۆ کەس نەدەکرد هەموو کەوشەکانی دەوروبەرمان بە حەسرەتەوە لە منیان دەڕوانی تا مانگێکیش خاوەنەکەم نەیهێشت لە شۆق و شەبەق بکەوم ، وەمدەزانی لەم جیهانە کەوشی جوان هەر منم تا ئەو ڕۆژەی لە ڕیزی کەوشەکانی مزگەوتێک خوانەناسێک منی دزی خوا هەڵناگرێ تا دوو سێ ڕۆژ حورمەتی لێگرتم و تەنانەت نەیکردمە پێشی بەڵام دواتر بە نرخێکی کەم منی فرۆشتەوە بە کەسێک ، تەواو زگم بە خۆم دەسووتا هەستم بە سووکایەتی دەکرد ئیتر ڕێز و شۆقی جارانم نەما دواتر بەسەرپێیەوە کرام بەرەکەم هەمووی سوا بەری قایشیان لێدامەوە ، پینە کرام ، بزمار ڕێژ کرام ، حەسرەتی جارێک بۆیاخ کردن بەسەر دڵمەوە ما دواتریش وەک کەری ماڵە دەوڵەمەندان کە کورتانیان لەبەردا شڕ دەبێ و کە کاریان پێنەما بەرەڵای دەکەن فڕێدرامە ناو زبڵ و ئێستاش لێرە و...

پۆتینێکی باڵابەرزی چاو و برۆ ڕەش ، تۆز لێنیشتوویەکی خەمبار و پشوو سوار بارتەقای هەموو کەوشەکانی تر دڵپڕ بەڵام بەم حاڵەشەوە وەک کۆڵەکە لە بەینی چەند جووت کەوشدا خۆی قیت ڕاگرتبوو و شانی کردبۆ مەکۆی حەسانەوەی لینگە سەرپاییەکی شڕ و کەوشە پاتەیەکی جیری هەتیو و پیرە کەوشێکی 'بیلا.. '

خشە خشی بێ سیمەکە تێکەڵ بە دەنگی هاش و هووشی با دەبوو ، باران وەک کوندەی سەرەو خوار دەباری دەتگوت ڕۆژی حەشرە ، باران و گولە بەیەکەوە دەبارین.

پۆتینەکان لە ژێر گڕی گولەدا یەکتریان دەدیتەوە هیچ پۆتینێک ئەوشەوە نەخەوت، بارانیش نەیکردەوە من وەها بە لاقی خاوەنەکەمەوە نووسابووم هەستم دەکرد بوومە بەشێک لە لاقی من ڕۆژی دوایی بۆ یەکەم جار خوێنم دیت گەرمایەکم لەناو خۆمدا هەست پێکرد کە تا چەند مانگ دواتریش هەرکات بۆنم دەکرد هەستم دەکرد لەناو لاقی خاوەنەکەمدام ، 'هیوا' گەلێک هیوای لەدڵدابوون کە لەگەڵ خۆیدا بردنیە ژێر خاک ! پۆتینە چاو ڕەشەکە چاوەکانی لە خاڵێکی دوور بڕیبوون لینگە کەوشەکانی دی نمەی فرمێسکیان لە چاویدا نەدیت.

باران بە تەواوی وەستابوو هێشتا لەناو بێ سیمەکە جار جار خشەیەک دەهات و .. هیوا .. هیوا...

▪ فەرهاد ساڵەحیفەر



Sergey Boykov

## "تا دەست هەڵێنی کەڵەگەت"

هێندە خوێنی گەردنی لاوان ئاوێتەی جەستەم بووە؛ تەواو ڕەنگی ڕواڵەتمی بواردووە. باش لەبیرم نەماوە؛ ئەوە چەندومین لاوە کە بەهۆی ڕێککوشینی منەوە، حەیاتی لێ دەبڕێ! زۆڕ ناخۆشە لە ژیانت دا، کاڕێک بکەی هیچ کە حەزت لێی نییە؛ بگرە ڕقی دنیاشت لێی‌بێ. تەنیا کەسایەتی و کێیایەتی من، بەسسە؛ بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچوونی فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیسم. من تەنافی دەستکردی خودایەکم، قەرار بوو کێشەکانی مرۆڤ لە کۆڵم کەم؛ کەچی دەچمە کۆڵی ئەوشۆڕەسوارانەی نامرن و من دەیانکووژم!

▪ بیژەن ڕەحمانی



seyed mahdi miri

## "بووک و زاوای ناو وێنەیەک

با دەرگای ژوورێکی تاریکی لە چوار چێوە ترازاند. دەرگا بە جیرە جیر کەوت. پاشماوەی باران لە ساپیتەی خانووەکە، دەبێتە دڵۆپە و بەلێواری خانووەکە تکە تک دەکات. لە ناو ژوورەکە دا، من لەناو وێنەی سەر شوشەیەکی(بلاک جاک) دام، با دەم جوڵێنێت. لە ناو وێنەی(بلاک جاکە)کە، لەسەر کورسیەک سوور دانیشتووم، لەبەرامبەرم پیاوێک بەدەم داکەوتووە. هەڵدەستم لەم شوشەیە نەفرتیە دێمە دەرەوە، خۆم لە کاغەزی سەر شوشەکە دەترازێنم. قۆڵم چەپم خەریکە لەسەر شوشەکە بەجێ بمێنێت. بەدەستی ڕاستم قۆڵی چەپم ڕادەکێشم. ساچمەیەک دەکەم، هێندەم نامێنێ بەدەم دا بەر بیمەوە.

هەڵدەستمەوە لە بەرمابەرم پیاوێکێ بچووک بەدیار دەکەوێت، ڕادەچڵەکێم، دووبارە سەیری دەکەم، ئەمجارە بەوردی سەرنجی دەدەم، ئەوە منم پیاوی ناو وێنەی سەر شوشەکە، لە ئاوێنەیک خۆم بینەوەتەوە. بە ناو ژوورەکە دا دەگەڕێم و سەیرێکی پیاوە بەدەم داکەوتووەکە دەکەم، لێی ورد دەبمەوە، شێوەمان زۆر لەیەکتر دەچێت. سەرنج دەدەم، ئەوە من لەوێ کەوتووم، ئەوە من بەر لەوەی بەم قەبارەیە لە ناو وێنەکە بێمە دەرەوە.

لە گەڕان بەناو ژوورەکەدا بەردەوام دەبم، وێنەیەک دەکەوێتە پێش چاوم کە لە ناو چوار چێوەیەک دایە. لەسەر مێزێکە لە تەنیشت جێ خەوێکە، لە ژوورەکە دا. لێی نزیک دەبمەوە و سەیری دەکەم، وێنەی بووک و زاوایەکە. هەر زوو زاواکە دەناسمەوە. کەمێک پێش ئێستا زاواکەم بینی، لەبەرامبەرم بە دەم داکەوتبوو. بەر لەوەی بەدەمیش دابکەوێت یەکترمان بینی، ئەو شوشەکەی منی بەدەم دەنا و دەلەرزی، ترس سەرتاپای گرتبوو، پەشۆکابوو.

ئاورێک لە پیاوی ناو وێنەکە دەدەمەوە، لە پڕ دەنگی دەرگا دێت، پیاوە بەدەم داکەوتە کەمێک چاوی دەکاتەوە بە خێرایی چەند فایلێک کە لە تەنشت خۆی دانابوو دەیخاتە ژێر جێ خەوەکەی. بەرەو ژێری جێ خەوەکە هەنگاو دەنێم تاکوو سەیری فایلەکان بکەم. سەیرێکی فایلەکان دەکەم. فایلەکان هی موڵک و ماڵن، چەند زەویەک و خانوویەک لەگەڵ حیسابی بانکی. گشتی بەناوی کەسێکە. وابیر دەکەمەوە ڕەنگە ناوەکە ناوی ئەو پیاوە بێت کە بەدەم داکەتبوو. چەند هەنگاوێک دوورتر لە فایلەکان دەفتەرێکی بچوکی تۆمارکردنی یادگاریەکان کەوتووە. بەر لە چەند کاتژمێرێک پیاوی ناو وێنەی بوک و زاواکە ، خەریکی خوێندنەوەی ئەم دەفتەرە بوو، کە دواتر لەگەڵ فایلەکان ختیە ژێر جێ خەوەکە.

دەست دەکەم بە سەیرکردنی تێبینیەکانی ناو دەفتەرەکە. لەبەر ئەوەی دەفتەرەکە لەسەر پشت کەوتووە لە کۆتا تێبینیەکان دەست پێدەکەم، کە با هەڵی داوەتەوە.

دواین تێبینی دەخوێنمەوە لێ نوسراوە: " ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژی ژیانم دەبێت، لە کاتژمێر دوانزەی شەو ئاهەنگی ڕۆژی لەدایک بوونم دەگێرم."

لاپەڕەیەکی تر دەگەڕێمەوە دواوە. تێبینیەکی تر هەبوو، بەڵام تاریخەکە مانگێک بەر لە دواین تێبینی یە. دەست دەکەم بەخوێندنەوەی تێبینیەکە: " ئەمڕۆ لەگەڵ مێردەکەم شەڕمان کرد، ڕۆیشت و ماڵەوەی بەجێ هێشت، نازانم ئێستا لە کوێیە، بەڵام زۆر بیری دەکەم. بەڵێن بێ گەر بگەڕێتەوە ئەوەی بیهەوێت پێی بدەم."

دەفتەرەکە هەڵدەدەمەوە، تاکوو دەگەمە یەکەم لاپەڕە. دەست دەکەم بەخوێندنەوەی تێبینیەکە: " من لەمرۆ بەدواوە ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکان لەم دەفتەرە وەکوو یادگاری دەنووسمەوە، تەنانەت ئەو نهێنیانەی کە بۆ کەسم نەدرکاندووە لێرە تۆماری دەکەم.

دووای نیو کاتژمێری تر ، دەبم بە بووک، بەم جلە سپیەی بەرم زۆر دڵخۆشم، کە دڵنیام لەوکاتەوەی لە ناو سکی دایکم دابوومە ئاواتم پێی خواستووە. لەگەڵ ئەوکەسەی دەبێتە مێردم ماوەیەکی کەمە یەکتر دەناسین بەڵام یەکترمان زۆر خۆش دەوێت. یەکەم جار لە کەمپی پەناهەندان بینیم. من وەک خاوەنی ڕێخراوێکی مرۆی چووبووم تاکوو هەندێک کەل و پەل بە پەناهەندان ببەخشم. ئەویش نوێنەری پەناهەندان بوو، کەسێکی ڕووخۆش و شیرن بوو. کارتەکەی خۆمم پێی دا، دواتر چەند جارێک سەردانی کردم لە ئۆفیسەکەم، ئیتر بووین بە خۆشەویستی یەکتر. بەڵێنم پێ داوە گشت ساڵێک لە ڕۆژی لە دایک بوونم، لەدەرەوە ئاهەنگم بۆ ساز بکات. منیش بەڵێنم پێداوە گشت ڕۆژێک خۆم خواردنی بۆ ئامادە بکەم، جلەکانی بشۆم، قاوەی پێشکەکش بکەم، ڕۆژنامەی بۆ بخوێنمەوە، هەر لەبەر ئەمەشە داوام کردووە گشت ڕۆژێ ڕۆژنامەمە لە بن دەرگا بخەنە ژوورەوە."
دەنگی تیقی لە هۆڵەکە دەبیستم، دەچم سەیرێکی بکەم، با لە دەرگا کراوەکە دێتە ژوورەوە و خۆم بە پێچکەی کورسیەک دەگرمەوە با نەم بات لە گەڵ خۆی. سەیری تیقیەکە دەکەم، پەیام نێری تیقیەکە لەشوێنێکی وەستاوە کە لە دواوەی بە شریتی سوور چوارگۆشەیەک کێشراوە دەڵێت: " ئەم شەو تەرمی ژنێک بە مردووی دۆزروەتەوە" گڤە گڤی با وا دەکات بە باشی گوێبیستی وشەکانی بێژەرەکە نەبم.

" لە ڕوداوێکی خەمناک ئەم شەو ... ژنێک کە تەمەنی بەنزیکەی ... ساڵ دەبێت. لە... بە مردووی... لە کامێراکانی نزیک لە ڕووداوەکە دەرکەوتووەکە مێردەکەی...و دواتر ڕای کردووە. پۆلیس

مێردی ژنەکەیان کە ناوی... بە پێی لێکۆڵینەوە.. دەرکەوتووە مێردی... تاوان بارە. شایەنی باسە تاوان بار تەمەنی ٢٧ساڵانە، لەوڵاتی... هاتووە. ماوەی ساڵێکەی لە ڕێگەی...مافی مانەوەی پێدراوە."سەیرێکی تیڤیەکە دەکەم، وێنەی ژنە کوژراوەکە داندراوە. هەر زوو دەیناسمەوە، ئەوە بووکی ناو وێنەکەیە.

▪ جێگر بختیار



Inna Kapturevska

## "شۆنی تابلۆییێک"

ڕۆژانە دەیان کەس  لێی ورد دەبوونەوە و زەق زەق تەماشایان دەکرد، هێندێکیان قەت تێنەگیشتوون کە چی تێدایە و هێندێکیشیان بە هەڵچوون و لەو شتەی کە هەمیشە مەبەست بووە خۆیان حەشارداوە. بۆ ئەوانەی جار و بار دێن و نێو ساڵۆنەکە ئەسڕنەوە ڕەنگە شتێکی ئەوتۆ نەبێت و بە خۆیان بڵێن کێشانەوەی هەر کام لەو تابلۆیانە کارێکی وەها ئەستەم نیە.

- ژۆکۆندی چی بابە لە وڵاتی نەهامەتی و کوێرەوەری بگرە بە هەزاران شێوە بزە دێتە سەر لێوی تاسەباریان و هێشتا کەس پەیدا نەبوە بیانکێشێتەوە!

ئەم ڕستەیەم چەندین جار لەو پیرەمێردە بیستوە کە دایمە جلەکانی دڕاون و دووراونەتەوە، بە زاراوەیدا دیارە کە خەڵکی ئێرە نیە.

ئەوانەی وا زۆر جار سەردانی ئێرە ئەکەن بە بڕوای خۆیان لێهاتوون و پەیوەندی نێوان داوینچی و دوازدە کەسەکەی شێوی کۆتایی دەزانن یان ئەو هێڵە سوورەی نێو ڕەشاییەکە سەرنجیانی ڕاکێشاوە، بەڵام بڕوا مەکەن؛ تەنیا ئەوە نەبێ پووڵ و پارە و دەسەڵاتیان زۆرە بڕوا بە هیچیان مەکەن، هەر وەک ئەم کابرا قۆڕەی کە ئێستا هات. دەنگی پێڵاوە سێوەنگی و ڕەشەکانی کە وا دیارە ئەمڕۆ بۆیان بۆیاخ کردووە ئەناسمەوە. سێ چوار کەس ئەڕۆن بەپیرییەوە و بەخێرهاتنی لێوە دەکەن، ئەویش وەک ئەوەی لەگەڵ قوونیا قسە بکەن وڵامێکیان ناداتەوە و دێتە نێو هۆڵەکە، بۆ ژان لوویی داوید ئەڕوانێ وەها کە بڵێ منیش سوقراتم و ڕۆژێک جەلادەکەم شەرم لە کوشتنم دەکات. بانگی کردە سۆما کە تابلۆکەم لە سەر داگرن؛ کڕی...

تابلۆییێکی تایبەتم بوو شۆنی خاوێن مانەوەکەی هێشتا بە سەر دڵمەوەیە!

▪ سەدەف فرووغی




Christian Lechtenfeld

## "ئەشقی داهۆڵ"

لەوانەیە بە بیستنی چیرۆکی ژیانی هەندێک لە مرۆڤەکان خەو بتانباتەوە، لە بەر ئەوەی ژیانێکی یەکهاوی و یەکجۆریان هەیە و هیچ هەڵبەز دابەزێکی تێدا نییە و هیچ ڕووداوێکی چاوڕواننەکراو لە ژیانیاندا ڕوو نادات. هۆکارگەلێکی زۆر بۆ ئەم یەکجۆر بوونەی ژیان هەیە، کە گرینگترین دەتوانێ ئەوە بێت، شەپۆلە یەک لە دوای یەکەکانی ژیان هەڵینەکوتاوەتە سەریان، تاوەکوو ناچار بن بۆ هێور کردنەوەیان، ئەخت لە خۆیان بکەن یان مەترسی قەومانی ڕووداوێک لە ئەستۆ بگرن. بەڵام جیا لەوە هۆکارێتریش دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی ژیانت یەکجۆر بێت؛ ئەویش ئەوەی کە مرۆڤەکان زۆر جار ئەرکی بیرکردنەوە بە خۆیان نادەن؛ هەموو وردەکارییەکانی ژیان بەو شێوەیە کە هەیە، وەخۆدەگرن. ئەم جۆرە مرۆڤانە ئەگەر پێیان بگوترێ لە ماڵەکانتان بڕۆنە دەرەوە، بارگە و بنەیان دەپێچنەوە و ئەویت بۆ بەجێدەهێڵن و لێت ناپرسن بۆ دەبێ لێرە بڕۆم؟ ئەمانە کاتێ سەیری دەرەوە دەکەن و دەستیان بە سەر شیشەکەمدا دەهێنن، ئاسمان و دار و باڵندەکان نابینن؛ هیچ شتێک نابینن، ئەوان تەنیا دەڕوانن! کاتێ گەڕانەوە و خۆیان بە سەر مۆبلەکەدا خست، بیریان دەچێتەوە کە لە ئێمەوە چییان دیت. ئەوان نە بۆن هەست پێدەکەن نە گوێ بۆ پارچە موزیکێک هەڵدەخەن؛ داییم لە بێبیرییدا دەسووڕێنەوە. هەندێکیان سەرسووڕهێنەرانە لە گەڵ لووتیاندا برادەرن؛ تەواوی سەرنجیان دەخەنە سەر سووڕانەوە بە بەشە جۆربە جۆرەکانیدا و چێژبەخشترین کات بۆیان، ئەو کاتەیە بە پیساییەک دەگەن. بەڵام کاتێک دەبینی ئەم جۆرە مرۆڤانە لە پڕ لەم سووڕاندنەوانەدا، لە خەونی زستانیان بەخەبەر دێنەوە. ئەو کات دنیایەک پرسیار هوروژمیان بۆ دێنێت. ئێستا بیر لە هەموو شتێک دەکەنەوە، لەوانەیە بیر لە ئەشقی "داهۆڵ و قالاو"یش بکەنەوە؛ لەوانەیە بەوە بزانن، لەو ڕۆژەوە داهۆڵەکان ئاشقی قالاوەکان بوون، ئیتر بۆ هاتنە نێو باخەکان ڕێگریان لێناکەن. لەوانەیە بیر لە دەنگەکان بکەنەوە، لە جیاوازی دەنگەکان، ڕەنگە لە خۆیان پرسیبێت بۆ مانگا"کان لە جیاتی مـااا، قاڕقاڕ ناکەن؟ یان بۆچی قالاوەکان گۆرانی ناڵێن؟ کەناڵەکان یەک لە دوای یەک دەگۆڕدرێت، سەیری مەیمونەکان دەکەن، ئینجا سەیری خۆیان دەکەن. لەوانەیە بڕوایان بە بۆچوونی "داروین" هێنابێت. ڕۆژێکیش دەبێت بیر لە هیچ شتێک نەکەنەوە؛ ئەو کاتەی پیاوێکی تەمەن سی ساڵ، بە مردوویی لە ژێر دارتێلی خانووباخێکەوە دەدۆزرێتەوە...!

▪ شەرمین ساڵحی



📷 Karthikeyan Chinnathamby

## "جاترە"

بەتاقی تەنیا، لە شارێکی گەورە، ژیان ئەستەمە؛ ئەویش ئەگەر باسی پارە ناردنەوە بۆ دایک و باوکێکی پیری بێ بژێو و پەککەوتە لەگۆڕێدا بێت. فرۆشیاریی بەهارات کاری هەرکەسێک نییە؛ ورەی دەوێ. بۆنی بەهارات وەهم هێنەرە. ئەویش بەهاراتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە شارە گەورەکانی ڕۆژئاوا خوازیاری زۆرە و، داهاتێکی باشیشی هەیە. پەنابەر هەمووشتێکی بگۆڕێ کولتووری خواردنی ناگۆڕێ. بازەرگانی بە بەهاراتەوە، کاسپییەکی زیرەکانەیە؛ ئەویش لە هەندەران. بەتایبەت لە ئورووپا. لە ئاڵمان، لە بێرلین، لە سەرووی پارکی ناوەندی، دووکانێک بەناوی "بەهاراتی کوردستان" موشتەرییەکی چاکی هەیە. فرۆشیاری بەهارات دەبێ لووتی چاک کار بکات. دەنا بابەتی خراپ موشتەری ڕاودوو دەنێ. هەبوونی موشتریی چاکیش ڕەزاگرانیی لێ دەکەوێتەوە. کێشەکە تەنیا، تەنیایی و بێکەسی، بەهۆی زۆر کارکردنەوە، نییە؛ هاوڕێیەتی لەگەڵ کێ؟! موشتەری خۆ بۆ دۆستایەتی نابێ. پەیدا کردنی دۆستی دیکەش بەزم و ڕەزم و گەڕانی زۆری دەوێ. ئەوە گرنگ نییە. ڕاستییەکەی ئەوەیە مرۆڤی پەنابەر وەک منداڵ وایە، منداڵێک کە دایک و بابی، بۆ ئەوەی نەدزرێ، یان دەسدرێژیی سێکسیی نەکرێتەسەر، لە هەموو غەریبەیکیان ترساندووە. مەسەلە ڕوخساریش نییە. لە ئورووپا جوانیی ڕوخسار زۆر گرنگ نییە؛ گرنگ تەمەنە. دیارە تەمەن بۆ پەنابەر، نەک بۆ خۆیان. پەنابەر گەنج و بەتاقەت بێ تەواوە. چاک پەڕین و چاک خەوتنیش ئەوە کە دیارە، بۆ باسکردن نابێ، لە هەمووجێگایەکی دنیا هەر وەک یەکە!

ئەوین خەونە؛ خەونیش دوای ماوەیەک بۆ پەنابەر کاڵ دەبێتەوە؛ بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانەش کە دیارە لەمێژە کاڵ بووەتەوە. ئەوەی شەوانە پەنابەر لە خەودا دەیبینێ چاوشۆڕیی زمانی دایکییەتی لە ئاست ئەو زمانەی دەیهەوێ فێری بێ؛ یان بەناچاری فێری بووە. ئەوەی خەڵکی خۆشیان لە خەوندا دەیبینن تەنیا بیرەوەریی باوباپیرانیانە کە خزاوەتە نێو بۆماوەیانەوە. ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو بۆ پەنابەر بێ مانایە؛ هەرشتێک لەو وڵاتانە بۆ غەیی خۆیان ڕووبدات سرووشتییە. پەنابەری چاک ئەو کەسەیە کاری بە کەس نەبێ، خۆی لە کەس هەڵنەقورتێنێ؛ ڕەزا گران نەبێ! ئەوانە هەمووی ئەو شتانە نین کەوا پێویستە باس بکرێن، ئەوانە تەنیا فسەی هەڵپچڕینی سەری پیپسییەکەن. ڕۆژێک ئەوەی سرووشتی بوو ڕوویدات، ڕوودەدات. دەچرکە، کاتێکی کەمە بۆ داکۆکی کردن لە خۆ!

بێ دەنگی دەست پێ دەکات. "بەڵا" وەک پارەی ونبوو وایە. هەرچەندی سەر لەخوارێ بێت، ئەگەریی هاتنە سەرڕێی و دۆزینەوەی زیاترە. لەپڕ دوای دە چرکە بێدەنگی، دەنگی

فیشەکێک بێدەنگییەکە دەشکێنێت؛ پەنابەرێک لە خوێن دەگەوزێ. ئامبولانس، نەخۆشخانە، لێکۆڵینەوەی خەمساردانەی پۆلیس، بێدەنگی ڕاگەیانەکان، لە نەخۆشخانە مەرەخەس بوون و، گۆڕینەوەی ژمارە تەلەفۆن لەگەڵ پەرەستارێک. تەلەفۆن زەنگ لێ دەدات، وەڵام نادرێتەوە. "پەرەستارەکان خۆشداکەنەترین چینی کۆمەڵگان!" تەواو. بەهارات فرۆشییەکە دەکرێتەوە. خەڵکێکی زۆر توورەن لە داخرانی دوومانگەی بەهاراتییەکە. بیبار لە هەمووشتێک زیاتر دەکرِدرێ. بیبار تەمەن درێژ دەکات. بایی ٤٠٠ یۆرۆ، بە دانێک، بێ وێنەیە. فیشەک بەرکەوتن و لە نەخۆشخانە کەوتنیش قازانجی خۆی هەیە؛ بکرێتە پیشە خراپ نییە.

بۆنی جاترە، خەیاڵی تۆڵە لەسەدا درووست دەکات...

کورتەی هەواڵەکان: "پەنابەرێکی چل و پێنج ساڵەی کورد، کە لە بێرلین لە سەرووی پارکی ناوەندی، دووکانییێکی بەناوی "بەهاراتی کوردستان" هەبوو، سێ ئاڵمانیی ڕەسەنی بە بیبار کوێر کردووە و، خۆشی ڕادەستی پۆلیس کردووە. پەنابەرێکی ئافریقایی... پەنابەرێکی..."

▪ ناسر فەتحی



Osama fahad

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگرامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!
٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن. مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگرافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̄ ◌̄ ◌́◌̆ ◌̄ ,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : < = ⁕]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"
ئاوا هەڵەیە:

گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆر، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنوسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،
١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بەتامر چیرۆک

**▪ بۆکانی:**

کێبرکێی تۆپی‌پێ بوو؛ یەکێک لە یاریزانەکانی ئێمە تۆپێکی لێدا کە بۆ هیچ کەسێکی خۆمان نەچوو. جا یەک‌بەخۆی کوتی: عەتا بیگرە!

ڕاهێنەرەکەمان یارەبی خودا عافووی کا، کاک نادر ئەسکەندەری بوو، یارییەکەی ڕاگرت و کوتی: ئاخر بێشەرەف! لە هەردوو یانەکەدا و یەدەکەکانیشمان(زخیرەکان)دا بزانە عەتای تێ دایە؟! داوە وەرە دەرێ دەی.

**▪ مەنسوور ڕەحیمی (کاردۆ شاروێرانی):**

حەق بە تۆشە!

ژن و مێردێک کێشەیان دەبێ و دەستی شاهیدێک دەگرن و دەچن بۆ لای مەلا.

مەلا ڕوو لە ژنە دەکا و دەڵێ: براژن کێشەت چییە؟

ژنە قسەی خۆی دەکا و مەلا دەڵێ:حەق بە تۆیە براژن!

دوایی، مێردە قسەی خۆی دەکا و مەلا دەڵێ: حەق بە تۆشە کاکە!

شاهیدە وەجواب دێ و دەڵێ: مامۆستا چۆن دەبێ حەق بە ئەوەش بێ، حەق بە ویش بێ؟!

مەلا دەڵێ: بەخودای بابم حەق بە تۆشە!

▪ **جەعفەر ڕەسووڵی / دەسپەڕ و بەردی گورچیلە!**

"ئاسۆ خەبات" لە کۆیە بەردی گورچیلەی دەبێ و میز و خوێن پێکەوە دادەنێ. ناشزانێ چییە. خولاسە دەچێتە دوکتۆر و تاقیکاری بۆ دەکەن. دواتر دوکتۆر بانگی دەکا و پێی دەڵێ: کاک ئاسۆ شتێک هەیە دەبێ پێت بڵێم.

ئاسۆش دەڵێ: فەرموو.

دەڵێ: ئەتۆ ژنت هەیە؟

دەڵێ: نەوەڵا.

دەڵێ: جا کاکە دەردەکەی تۆ ئەوەیە؛ ڕاستییەکەی چوونکە تۆ ئیرزا یان ڕاحەت نابی، ئەو ئاوە گەڕاوەتەوە و عفوونەتی کردووە و بۆیەش لێی کردوویە چڵک و خوێن!

ئاسۆش دەڵێ: دەی دوکتۆر دەبێ چ بکەم؟

دەڵێ: کاکە دەبێ حەفتەی دوو بۆ سێ جاران ڕاحەت یان ئیرزا بی،، جا بە دەسپەڕ یان شتی تر!

ئاسۆ خەباتیش دەچێتەوە خەدەمات و پێشمەرگەکان کۆ دەکاتەوە و دەڵێ: شتێکی گرینگ هەیە دەمهەوێ پێتان بڵێم؛ هەموو کۆ دەبنەوە و ئاسۆ باسەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە و پێیان دەڵێ: کوڕینە سەلامەتی من بە قوونی ئێوەوە بەندە! ئەگەر هەر بە دوو ڕۆژان سەرەو یەکێکم دەنێ، ئەوە چاک دەبم، دەنا ئۆباڵی گەڵوگوونم بە ئەستۆتان و بمرم خوداگیرم دەبن!

وەڵا بوو بە پرمە و فلقوهۆڕ و ئاسۆش دوو سێ شەپی چاکی پێ بڕا و تەواو.

▪ **حەیدەری:**

کابرایەک خەڵکێکی زۆری بانگهێشتن کردبوو؛ چەند شێوە خواردن و خواردنەوە لە سەر سفرە داندرابوو. یەکێ لە میوانەکان ڕووی لە ژنی خانەخوێ کرد و کوتی: دادەگیان، زۆرت زەحمەت کێشاوە، ڕازی بەو هەمووە زەحمەت و ماندووبوونە نەبووین. ژنی خانەخوێ کوتی: جا توخوا ئەوە کەی زەحمەتە؟ من هەر فێری کاری زۆرم؛ کاتی خۆی نزیک سەد سەر مەڕ و مانگامان هەبوو، تفاقی هەموویان هەر خۆم دابینم دەکرد و ماندووش نەدەبووم، جا توخوا ئێستا ئەوە کەی ماندووبوونە؟!

## ▪ بڕست:

کوێخا هۆمەر لە گوندی تەڕەشۆ لەگەڵ کوڕەکەی دانیشتبوو. کورە کوتی: تەواوی ئافرەتی ئەم دێیە حیزن! کوێخا کوتی: کوڕم عەیبە شتی وا مەڵێ. کوڕە دەستی پێ کرد و لە خوار گوندەکەوە، یەکەیەکە حیزیی خەڵکی بۆ بابی هەڵدا تا گەیشتە ماڵە خۆیان. بە سەر ماڵی خۆیاندا تێ پەڕی. کوێخاش کوتی: ماڵە خۆمان مەبوێرە، دایکت لە هەمووان حیزترە! کورە کوتی: بابە عەیبە، خۆ تۆ ڕدێنت سپییە. کوێخا کوتی: وەڵا من و دایکیشت هەتا لاو بووین پەنا و پەسیو نەما نەیکەین بە جێژوان، کەچی ئێستا خۆمان کردۆتە شێخی قوون ڕەش و چ خراپە ناکەین. ئیدی کورە دمی دەبێ بە تەڵەی تەقیو.

## ▪ جەعفەر خاڵەندی:

بەڕەحمەت بێ "عەلی کەردار" بەیتبێژی بەناوبانگ زۆر قسەخۆش بووە. دەگێڕنەوە جارێک لە بۆکان تووشی خزمێکیان دەبێ و دوای چاکوچۆنی پێی دەڵێ: برالە بۆ جارێکی سەرێکمان لێ نادەی؟

کابرا دەڵی: کاک عەلی بەخودای گوزەران وا سەخت بووە پێم ناکرێ سەری کەس بدەم.

کاک عەلی دەڵێ: بۆ برالە بە چییەوە مەشغوولی؟

دەڵی: جا بە ناشکوری نەبی بە چییەوە مەشغووڵ بم؟! خۆ کار نییە؛ بەیانی دەچمە ئیدارە هەتا نیوەڕۆ، نیوەڕۆ بە پەلەپەل پاروویەک نان دەخۆم و دەچمە دووکان هەتا شەوێ. شەوێ دێمەوە بەپەلە نان و چایەک دەخۆم و دەچم تاکسی لێ دەخورم هەتا سەعات یەکی شەوێ!

عەلی کەردار چاوێکی لێ دەکا و دەڵێ: هەرسێک تەڵاقم کەوێ لە سەعات یەکێش ڕا دەچی بۆ دزی!

▪ **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"



Andi A Halil